یانەی پاریس سان جەرمان گرەبستەکی لەگەڵ مارکۆ ئەسێنسیۆ ئەنجامدا



یانەی پاریس سان جەرمان دوێژی پەنجشەممە گرەبستەکی لەگەڵ هەرشبەری ئیسپانی "مارکۆ ئەسێنسیۆ" بە ماوەی سێ وەرز ڕاگەیاند تاوەکو مانگی حوزەیرانی 2026 بە گرەبستەکی خەڵایی دوای کۆتایی هاتنی گرەبستەکەی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید.

ئەسێنسیۆ لە کۆنگرێسێکی دوێژنامەوانیدا وتی: "شەرەفێکی گەورەیە کە بەشێک بم لەم یانە جوانە، کە پاریس سان جەرمانە".

وتیشی، بە پەرەشم بە ئەوەی لەگەڵ هاوەڵە نوێیەکانمدا کار بکەم بە گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکان.

ئەسێنسیۆ دووەم گرەبستی یانەی پاریسە، دوای ئەوەی یانەکە لەگەڵ بەرگریکاری سلێفاکی "میلان سکریتیار" گرەبستی واژوو کرد، دوای کۆتایی هاتنی گرەبستەکەی لەگەڵ ئینتەرمیلان.

ئەسێنسیۆی تەمەن 27 ساڵان لە ساڵی 2013 لەگەڵ ڕیال مایەرکای ئیسپانی یاری کرد، پێش ئەوەی لە ساڵی 2014 بڕوات بۆ ڕیال مەدرید، لەوێ 286 یاری لە هەموو پێشبڕکێکاندا ئەنجام داوە.

ئەسێنسیۆ لە ماوەی نە ساڵدا هەموو خەڵاتکانی لەگەڵ ڕیال مەدرید بردووەتەوە، 17 نازناوی بەدەستهێناوە، لەوانە 3 نازناوە خولی پاڵەوانکانی ئەوروپا، 4 نازناوی جامی جیهانی یانەکان، 3 نازناوی جامی سوپەری ئەوروپا، 3 نازناوی لالیگا "خولی ئیسپانی"، 3 نازناوی جامی سوپەری ئیسپانیا،

لگ یک نازناوی جامی شای ئیسپانیا.